وتووێژ

JOZA SARAMGO

# وتووێژی رۆژنامەی لۆمۆند لەگەڵ
# ”ژۆزە ساراماگۆ“ براوەی خەڵاتی نۆبڵ



J O Z A S A R A M G O

لە فارسییەوە: سووسەن ئیسماعیل نژاد

**کێشەی سروشتی مرۆڤ ئەوەیە " نا" هێدی هێدی دەگۆڕدرێ و دەبێ بە " بەڵێ"**

* دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی ١٩٩٨، هەستت نەکرد بەرپرسیاریەتیی نوێت کەوتووەتە ئەستۆ؟

– بەڵی، هەر وایە، لە بەر ئەوەی یەکەم نووسەری پورتەغالیم ئەم خەڵاتەم وەرگرتووە. هەر بۆیە، ئەو هەستەم هەبوو کە لە بەرزترین لوتکەی ئەدەبی سەد ساڵەی پورتەگالدا وەستاوم و هەمووان چاویان لێمە. بۆ هەر کوێ بانگهێشتیان دەکردم دەچووم. بەڕازیل، موزامبیک و هەروەها پورتەگال. کەسانێکم دەدی خوشحاڵ بوون و شانازییان دەکرد بەوەی خەڵاتی نۆبڵم وەرگرتووە، ئەو کەسانەی کە تەنانەت هیچ بەرهەمێکی منیان نەخوێندبووەوە، بەڵام خۆشحاڵ بوون. ئەرکی سەرشانم وەک نووسەر و شارۆمەندێ ئەنجام دابوو. بەڵام ئەم خەڵاتە هیچ شتێکی نەگۆڕی و من هەر ئەو کەسەم کە بووم و بە تەواوی سەرم سڕ دەما هەر کات کەسێک دەیگوت : " تۆ براوەی خەڵاتی نۆبڵی!"

* هەر چەند زۆرتر لە حیکایەت و چیرۆکە کۆنەکان کەڵک وەردەگری، بەڵام وا دیارە لە دوای "کوێری"یەوە زۆرتر رووت هێناوەتە واقیع.

– دوای "ئینجیل بە گێڕانەوەی عیسی مەسیح" لام وابوو رەوتێکی دیاریکراوم دۆزیوەتەوە، جۆرێ کە زۆر لە چاو نەدات و نەبینرێ. ئێماژێکم هەبوو و ناوم نابوو "پەیکەرەی بەردی". پەیکەرە رەواڵەتی بوو و بەرد ناوەڕۆکەکەی. تا کاتی نووسینی "ئینجیل بە گێڕانەوەی عیسی" تەنها کارێک کە دەمکرد ئەمە بوو کە رواڵەتی پەیکەرەکە وەسف بکەم. دوای "کوێری" و ئەو رۆمانانەی کە دواتر نووسیم، رووم هێنایە ناوەوەی پەیکەرەکە، ئەو شوێنەی بەرد نازانێ پەیکەرەیە و هەوڵم ئەوە بووە لە پرسیارێکدا کە هەردەم لە خۆمی دەپرسم، شوێنی دوورتر ببینم و پرسیارەکە ئەمەیە :"ژیان یانی چێ؟"

* وەک ئەوە وایە رۆمانی "بینایی" درێژەی رۆمانی "کوێری " بێت، پێشتر وەها بڕیارت دابوو؟

– بە دڵنیاییەوە نا. لەو کاتەوەی دەستم کرد بە نووسینی "بینایی" هیچ بیرم لە پێویستی یان رەنگە ئەگەری پێوەندی نێوان ئەم کتێبە و "کوێری" نەدەکردەوە. کە خەریک بووم کتێبەکەم دەنووسی، زانیم ئەم بابەتە شتێکە کە ناکرێ خۆی لێ لا بدەم، چونکە ئەو هەلومەرجە ناوازەیەی لە کوێریدا خولقاندبووم و دەرد و ئازارە کە لەوێدا هەبوو و هەموو ئەوانە تەنها بە یارمەتی وشیاری و زەینی من دەیتوانی بڕواتە پێش. لە کاتی ئەم رووداوەدا، دەبێ لە رواڵەتی شتەکانیش وردبینەوە، دەبێ تۆزێ بوەستین، بێدەنگ بین،

رابمێنین و تەنها بیر لە ئەنجامەکانی کوێری نەکەینەوە کە ئەمڕۆکە هاتووەتە پێش، بەڵکو دەبێ هۆکارەکانی نووسینیشی لە بەرچاو بگرین.

* بینایی سیاسیترین و وروژێنەرترین کتێبی ئێوەیە؟

- هەموو کات روانگەیەکی سیاسیم لە رۆمانەکانمدا هەبووە و هەڵبەت "بینایی" سیاسیترینیانە، چونکە لەم کتێبەدا دەربارەی دەنگی سپی قسە دەکەم و لەم رووەوە وروژێنەرترین و شۆڕشیترین رۆمانمە. لە پورتەگالدا بابەتەکان هات و هاواری زۆریان لێ دەکەوێتەوە، ئەو بابەتانەی کە چاویان هەڵنایە بە بوونیان. من بەوە تاوانبار دەکەن دەمەوێ دیمۆکراسی وێران بکەم. چون دەمەویست لە کتێبەکەدا بەو ئەنجامە بگەم دەنگی سپی ترس دەخولقێنێ. لە دیمەنێک لە کتێبەکەدا، ماریۆ سوئارز سەرۆک کۆماری پێشتری کۆماری پورتەگال دەڵێ :" بۆ تێ ناگەن؟ رێژەی ١١ لە سەدی دەنگی سپی بە مانای شکستی دیمۆکراسییە." شکستی راستەقینە بەشداری نەکردنی ئەو پەنجا لە سەدەیە کە لە هەڵبژاردندا بەشداریان نەکردووە، چونکە ئەو کەسەی دەنگی سپی دەدات لانیکەم کارێکی کردووە، بۆ دەنگی سپی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنمان نەکردووە، تەنها لە ناو شارۆمەندەکاندام و دەڵێم :" ئەو شتەی ئێوە دەیدەن بە ئێمە بەس نییە، دەبێ شتێکی تازە دابهێنن، یان لانیکەم دەبێ دیمۆکراسی رزگار بکەن."

**تا ئەمڕۆکە زۆرمان قسە کردووەو دەربارەی زۆر شت دواوین، بێ ئەوەی هیچ ببیستین، هەر بۆیە دەبێ دەنگ هەڵبڕین**

**رستەی کۆنی "دیموکراسی، دەسەڵاتی لە خەڵکەوە بۆ خەڵک" ئەمڕۆکە گۆڕاوە بە "دەسەڵاتی لە سەرمایەدارەکانەوە، بۆ سەرمایەدارەکان"**

هەڵبەت دەزانم ئەم وتەیەم پاڕادۆکس و ناتەبایە، چونکە کۆمۆنیستێک خەریکە ئەم قسەیە دەکات. هێشتاکە ئەم وتەیە دەبیستم کە دەڵێن:" کۆمۆنیزم هەموو کات مەبەستی ئەوە بووە دیموکراسی وێران بکات و دژ بە دیموکراسییە."

له حاڵێکدا به پێچەوانەوە هیچ کات بەو شیوەیە نەبووە و ئەمە راست نییە

* ئەم پەرچە کردارە چۆن دەبینن؟

– له سەردەمێکدا دەژین که دەتوانین له سەر هەر بابەتێک دیالۆگ بکەین، بەڵام سەیر لەوەدایە کە کۆمەڵێک بابەتیش هەن کە کەس دەربارەیان قسە و گفتوگۆ ناکات، وەک دیموکراسی. زۆر سەیرە کەس ئامادە نییە تۆزێ لە چییەتی دیموکراسی رابمێنێ، ئەوەی لە بەرژوەندی کێ و چ شتێکدایە؟ وەک "سێنت ویرژ" "مریەمی پاکیزە" وایە کە کەس ناوێری دەستی لێ بدات. هەمووان لایان وایە دیموکراسی شتێکی پیرۆزە. من لام وایە دەبێ دەربارەی ئەم بابەتە لە ئاستی نێونەتەوەییدا گفتوگۆ بکرێ و دڵنیام ئەنجامەکەی دەبێ بەوەی کە لە دیموکراسیدا ناژین، چون دیموکراسی شتێکی رواڵەتییە و بەس.

* بۆچی؟

– دیارە لە وەڵامی مندا دەڵێن، تا ئەو کاتەی شارۆمەندێکی و بۆت هەیە دەنگ بدەی، دەتوانی دەوڵەت یان سەرۆک کۆماری بگۆڕی، ئەمە بابەتێک نییە تەنها تایبەت بێت بە ئێرە. بەڵام جگە لەم کارە هیچ کارێکی ترم لە دەست نایە، چونکە هێزی سەرەکی ئەمڕۆ هێزی ئابوورییە و دامەزراوە و رێکخراوەکانی وەک "رێکخراوی ئابووری جیهانی" و "رێکخراوی پارەی جیهانی" هێزی سەرەکیان لە دەستدایە و ئەو دوو رێکخراوەیەش نادیموکراتیکن. ئێمە لە پلۆتوکراتییەکدا دەژین. رستەی کۆنی "دیموکراسی، دەسەڵاتی لە خەڵکەوە بۆ خەڵک" ئەمڕۆکە گۆڕاوە بە " دەسەڵاتی لە سەرمایەدارەکانەوە، بۆ سەرمایەدارەکان".

* لە کتێبی "مێژووی گەمارۆی لیسبۆن"دا یەکێک لە کەسایەتییەکان دەڵێ :" سوپاس بۆ ئەو کەسەی "نا" دەڵێت، چونکە پادشای زەوی دەبێ فیری "نا" بێت "..." پادشایی زەوی هی ئەو کەسانەیە کە تێگەیشتن و وریایی ئەویان هەیە "نا" ئەو کاتەی کارکردی "بەڵێ"یان هەیە بە کار ببەن." ئەمە هەر ئەو شتەیە کە لێرەدا باسی لێوە دەکرێ؟

– "نا" بۆ من وشەیەکی زۆر گرینگە. هەروەها هەر شۆڕشێک جۆرێ "نا" وتنە ئیتر. بەڵام کێشەی سروشتی مرۆڤ ئەوەیە "نا" هێدی هێدی دەگۆڕدرێ و دەبێ بە "بەڵێ" و ئەمە سەردەمێک روو دەدا کە روحی شۆڕش و نیازپاکییەک کە هەیەتی لە ماوەی بیست یان سی ساڵدا دەگۆڕدرێ و واقیع بە جۆرێکی تر دەردەکەوێ. بە هەموو ئەمانەشەوە، هەمووان

دەربارەی ئەو شۆڕشانە قسە دەکەن کە ئیتر بوونیان نییە. ئەم بەسەرهاتە وەک "ئازادی" وایە: تاوانێکی کە خۆی لە خۆیدا ئەنجامی داوە....

* بە دڵنیاییەوە رازین لە هەڵوێستی نێگەتیڤی دەوڵەتی فەرەنسا بەرامبەر بە یەکیەتی ئەورووپاو ئەم هەڵوێستە پەسەند دەکەن؟

- راستی ئەوەیە نازانم فەرەنسا چ دەنگێکی داوە، بەڵام پێشوازی لەم رووداوە دەکەم. کولتووری فەرەنسا بۆ من زۆر گرینگە، بەڵام لام وایە ئیتر فەرەنسا ئەو چرا کولتوورییەی کە پێشتر پێی بوو، نەیماوە. ئەگەر بتوانێ ئاوڕ لە رابردووی بداتەوە و بگەڕێتەوە بۆ هەمان کولتوور هەم بۆ ئەورووپا و هەم بۆ جیهان بە کەڵک دەبێ.

* لە بیناییدا باسێک دێنیتە گۆڕ کە لەودا بەشێک لە دەوڵەتەکان لە تیرۆریزم و ترس وەک ئامرازێ کەڵک وەردەگرن.

- کەڵک وەرگرتنێکی نادروستی وەها هەموو دەم بوونی بووە. دوای یازدەی سێپتەمبەر باشتر دەکرێ ئەم بابەتە ببینین و لێی بگەین. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر تیرۆریزمی ئیسلامییدا ئەو شێوەکارانەی بۆ ئەم مەبەستە بە کاری دەبات، خۆی تووشی تیرۆریزم بووە. وڵاتە یەکگرتووەکان خۆی بە باشی ئەمە دەزانێ. کێشە لەوەدایە تیرۆریزمی ئەمریکایی زۆر عادی دەبیندرێ و هیچ کەس سەری سڕ نامێنێ. هەر کات دەوڵەتێ تووشی جۆرێ جیاواز لە تیرۆریزم دەبێ، بە شێوەیەکی تر رووبەڕووی تیرۆریزم دەبێتەوە.

* بەم کتێبە وا دیارە زیاتر پێبەندن بەم قسەیەی خۆتان کە دەڵێن :" هەرچی پیرتر دەبین ئازادترین و هەر چەن ئازادتر بین توندڕەو ترین"

- بە پێچەوانەوە، پیری هیچ پێوەندییەکی بە ئازادییەوە نییە. بە هەر حاڵ، من بۆ خوم، کاتێ لە گەڵ ئەم بابەتەدا رووبەڕووبوومەوە، جگە لە ئازادی رووبەڕووی هەندێ شتی تریش بوومەوە و وەک چۆن لەم کتێبەدا دیارە، توندڕەوتر بووم. لە شوێنێ لە کتێبەکەدا هاتووە :" سەگ وتی : دەی" ئەم سەگە من، تۆ و هەموو ئێمەین. تا ئەمڕۆکە زۆرمان قسە کردووەو دەربارەی زۆر شت دواوین، بێ ئەوەی هیچ ببیستین، هەر بۆیە دەبێ دەنگ هەڵبڕین، بەڵێ من لام وایە کاتی ئەوە هاتووە دەنگ هەڵبڕین و هاوار بکەین.